# دوێنێم پێ دەبەخشیتەوە

ڕێباز مەحمود
هۆڵەندا
rebazmahmud@hotmail.com

من دەزانم بوونی تۆ سەرلەنوێ
هێنانەوەی ساتە گەرمەکانی دڵنیایین لە کۆڵانە ساردەکانی ئەمڕۆوە
ڕەواندنەوەی دوکەڵی ترسێکە کە ئابلۆقەی وێرانەییمی داوە
بۆ پشکوتنی گەڵا و گوڵی پێشوازیم ،
کاتێک خۆر ڕۆژێکی نوێ ڕادەخات و
تۆ دەستی تیشکی یەکەم دەگریت و
دەگەیتە سەرمابردەڵەیی دێرینی ڕۆحم!
دێیت و من دەبینی ئیتر ئیشێکم نیە تازە بێت و
بڵێم : ها ئەم شانازیەم پێشکەش بێت بە تۆ
من دەبینی قسەیەکم پێ نادۆزرێتەوە تۆزی وتنی لێ نەنیشتبێ و
لە دۆڵابی هاش و هوشی هیچ چیرۆکێکا دڵم نایهێنێت
بڵێم : هێمنی ئەم ڕازە بە کەڵکی ئەوە دێت
پێوەی بڕۆیتە ناو ژاوەژاوەکان و
تۆ لە چاوم وون نابیت!
دێیت و
دەکەویت بە سەر هەموو حەقیقەتە مرۆییەکانمدا
خەمباریم بە هیچ زەردەخەنەیەک پێ ناشاردرێتەوە و
خەتاش ناخەمە گەردنی باخ ئەفسوونی بەش نەدابێتم
شەرمنیم گوندێکی نسرم و جێماوی دەستی برینمە
هیچ خۆرەتاوێک کەمێک گەرمای

..بە سۆعبەتیشەوە تێنەگرت

دڵم هەڵئەڕێژمە بەردەمی میهرەبانیت و

دەڵێم : یان ئەوەیە بۆنە خۆشەکان جیا بکەرەوە و

بە ژووری ڕۆحتیا هەڵپرژێنە

یان ئەوەتا دەست بە لوتتەوە بگرە بۆ تێپەڕین بە ناو

..حیکایەتە پڕ لە بۆکڕوز و دامرکانەوە زۆر و زەبەنەکان

دەڵێم : ئەم لەتە شوشە شکاوانە نەچن بە بنەپێی سادەییتا

ڕاستە ئاوێنەی شکاوی ئەو ڕۆژانەن هێندەی شینایی ئاسمان

ڕۆشناییان دەڕشتە ناو سیمای دڵێکەوە

کە تیایدا

..لە ڕەنگاڵەیی عەشق ورد دەبووەوە

بەڵام ئێستا ئەو تەڵەزمانەن ،

!خەممە زامدارت بکەن

ڕوناکیم پێ دەبەخشیتەوە ،

ڕووناکی ئەو ڕۆژانەی

دڵۆپی شەونم خۆی لە تینوێتیم هەڵدەسوا و

.. هیچ چڵەگیایەکم نەدی منەت بکات بەسەرما

لەم زەمانی قاتوقڕی دڵپاکیەدا

من چاوانم دەگرمەوە و

تۆ پڕیان دەکەیتەوە لەوڕۆژانەی

بەیانی و چێشتەنگاو و نیوەڕۆ و ئێوارەیان

..بە پاکژی لێ دەڕژا

من ڕۆحم دەگرمەوە و

تۆ دانە دانە ئەو ڕەنگە خوداییانەم تێدەگریت ،

کە دەشێت شیرینتر سەرقاڵم بکەن

بە سیواخدانەوەی

.. !ئەم دنیا ڕووگرژ و تاڵەوە

تۆپەڵێک ڕەنگی تۆ بەسە بۆ ئەوەی

لەسەر دیواری ڕەشی نائومێدیمدا ئاگرێک بۆ یادگاری بکەمەوە

تا لەگەڵ دەرکەوتنی چۆلەکەیەکی باڵ تەزیودا

لە سوچێکەوە

..مانایەک بم بۆ مانەوە

ئاخر ئەوەتا

ئاسن لوتکە شاخەکانی بوژاندنەوەی من دادەپلۆسێ و

ساردترین زەمان لە چاوەکاندا

دەبێتە زوقمی سەر کوشتاری

..شەوی درەنگ و شڵەژانی بەربەیانم

ئەوەتا دنیا هەموی سکوتێکی کوشندەیە

لە ئاست ناڵینی من و

مەرگی دەم لێوارەکانی ژێرچەپۆکیم کەس ناهەژێنێت ،

تۆ لە ڕەگەزی خۆمم ڕادەپسکێنیت و

.. دەمفڕێنیت بۆ ناو خەون

دەمبەیت بۆ ناو

خەیاڵێک دەزانم لە میهرەبانی تۆوە دەست پێ دەکات

بەڵام کەس نازانێت لە سوچی تەڕی هەوری

..کام سەردەمدا تەواو دەبێت

تۆ هەموو دنیا دەهێنیت

بە هەموو بەڵێنە پەمەییەکانیەوە ،

بە هەموو سەرەخۆشی و پشتیوانی و

بە ڕاست و درۆ خەم خواردنەکانیەوە

دوێنێم پێدەبەخشیتەوە

..دوێنێی جێماو لە غرور و سەرخۆشی ئاهەنگی سەری ساڵ

دوێنێی پانتایی خەوبینینی من و

مەزەنە کردنی بارینت

لەگەڵ نیشتنەوەی هەر باڵندەیەک و

..خزینت لە شەقەی باڵ

دوێنێ

کە لە ناو قەرەباڵغی ماراسۆنی زوڵمەتەو بەرە و داهاتوو

من لەگەڵ پلیشانەوەی گوڵەگەنم و گوڵەخەون و

گوڵەبەڵێنی نایلۆنیدا

هەوڵم نەدا ئێسک و پروسکی خۆشخەیاڵی لەسەر یەکتر هەڵچنم و

بڕۆمە سەرشانی کێلگە تاپۆکراوەکانی لای ئافات

: تا لەوێوە بمگوتایە

!بڕوانن چەند کەڵەگەتم

لەجیاتی ئەوە

لە ناو دوێنێ خۆیدا ئەوەی شکم برد

بستێک زەوی خەیاڵم بوو کە هێشتا خۆرەی هیچ ڕیایەک لێی نەدابوو

ڕامخست لەبەردەم نەشمیلانە هاتنەکانی میهرەبانیت

نەهاتنم بوو لەگەڵ نەرمەغاری مەخلوق ،

..بۆ هەموو جارێک پێشوازی ناو کەژاوەی سەری ساڵ

تۆش لە ئێستادا

لە گۆشەگیرترین کونجی زەمانەوە کە کەس پێی ڕازی نیە

دەڵێی:

سەری ساڵ بۆ ئێوە کە مروەتی ئاوڕدانەوەیەکی تیا نەبێت

کە نازانم لە کوێی دڵخۆشیتاندا بالکۆنێک هەیە

بۆ ڕوانینە بۆکڕوزی ئەو نەوڕەسانەی لەچیادا
پەڕوباڵیان دەسوتێنرێ و
..ئێوە درۆزنترین دەریای مێژوو
دەڵێی:
بۆ ئێوە و سەریساڵ
دوێنێ بۆ من
لەخەوبینینی پیاوێک لە ژێرڕای زۆربڵێیەکانی ئێوە و
..لە ناو ئامێزی شیعرا

***********************************

تێبینی : لە هەندێک وێنەی ناو ئەم شیعرەدا ، (چیا) ئاماژەیە بۆ
.گڕبارانکردنی قەندیل و بێمتەقی جیهانی ئەمڕۆ▪▪▪▪